بۆ بەڕیز/ جەلال تـــاڵەبـانـی سەرۆکـی کۆمـاری ئێـــراق

بۆ بەڕێز/ مەسعـود بـارزانــی سەرۆکـی هەرێمــی کوردسـتـان

بۆ بەڕێز/ عەدنــان موفتــی سەرۆکـی پەرلەمــانـی  کوردسـتـان

بۆ بەڕێز نێچیرەڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بـابــەت/ یـاداشـــت

بۆپشتگیری لە خەباتی گەلی کورد لە باکوری کوردستان, بۆ ریسواکردنی سیاسەتی شۆڤێنستی دەوڵەتی تورکیا لەبەرامبەر گەلی کوردا, بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەنفالە بەدناوەکانی باشوری کوردستان, رۆژی 2006/4/13 لە شاری سلێمانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان  ئامادەکاری بۆ رێپێوانێکی هێمنانە سازکرد. هێزە چەکدارەکانی ئاسایشی سلێمانی بەبیانوی ئەوەوە کە مۆڵەتی خۆپیشاندانمان وەرنەگرتووە, بەسوکایەتی کردن و لێدان و زیندانی کردن وەڵامی چالاکیەکەی ئێمەیان دایەوە.

کارگەیشتە ئەوەی لەوماوەی 3 رۆژدا 42 کەسیان لێ زیندانی کردین بەم شێوەیە:

1/ ئێوارەی12/4/2006 دوو هەڤاڵی ئێمەیان بەناوەکانی وەهاب ئەحمەد و بەهادین مەحمود بەنهێنی لەلایەن ئاسایش سلێمانییەوە زیندانیکرد. موعامەلەی مۆڵەت وەرگرتنەکە لەلای وەهاب ئەحمەد بوو کە لە نوسراوی ژمارە 571, بەرواری 2006/4/11 پارێزگای سلێمانیدا هاتووە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان رۆژی 2006/4/13 لە سلێمانی رێپێوانێکی هێمنانە ئەنجام دەدەن ( وێنەیەکتان بۆ دەنێرم).

2/ رۆژی13/4/2006 لە شەقامی سابونکەران ئاسایشی سلێمانی بەشێوەیەکی ناشارستانی دوای لێدان و سوکایەتی پێکردن ژمارەیەك لە خۆپیشاندەرانی گرت و توندی زیندانی ئاسایشی کردن. هەرهەمان رۆژ من لەلایەن ئاسایشەوە لەناو رێپێوانەکەدا دەستگیر کرام و یەك لە کارمەندە چەکدارەکانی ئاسایش هێرشی کردە سەرم و پەلاماری دەمانچەی لێدام.

3/ رۆژی13/4/2006 (10) دە هەڤاڵی ئێمە لە بازگەی تاسلۆجە دەستگیرکران, ئەوان لە رێپێوانەکەدا بەشداریان نەکردبوو, کەچی ئاسایش وەك بەشدارانی رێپێوان سزایدان.

4/رۆژی14/4/2006 دوو هەڤاڵمان لە شاری سلێمانی لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکران و ئەوانیش وەك بەشدارانی رێپێوان سزادران.

5/ برینەوەی (5) پێنج رۆژ دەست بەسەرداگرتن بۆ ئێمە لە ئاسایشی سلێمانی بە بڕیاری حاکم بەبێ ئەوەی حاکم چاوی بە کەسمان بکەوێت بڕیارێکی نایاساییە و دژی برگەکانی دەستوری هەمیشەیی ئێراقە.

وەك پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان  ئەم هەڵسوکەوتە ناشارستانی و نادیموکراتی و نایاسایانەی ئاسایشی سلێمانی ریسوا دەکەین و دژی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان هەڵیدەسەنگێنین, داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین لەسەر ئەم دیاردە نادیموکراتیە لێکۆڵینەوە بکەن و بڕیاری گونجاو بۆ سزادانی بەرپرسانی ئاسایشی سلێمانی دەربکەن, بۆئەوەی هەموومان پێکەوە گەل و دەسەڵات رێگەی دووبارە بوونەوەی روداوی لەو جۆرە بگرین و هەموو کەس و لایەنێك لە کوردستاندا بەمافە هەمە جۆرەکانی خۆی شاد بێتەوە.

دکتۆر فایەق موحەمەد گوڵپی

سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

2006/4/25